# چیرۆكی سیخوڕێك
# كه (7)ساڵ له‌ناو ڕێكخراوی (قاعیده)داكاریكردووه.......

و/هێمن مه‌حمود-ده‌ربه‌ندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

ئه‌ندامێكی پێشوی ڕێكخراوی (قاعیده) ئه‌وه‌ی ئاشكراكرد كه به‌شێوه‌یه‌كی دولایه‌نه كاری له‌گه‌ڵ ده‌زگا هه‌واڵگرییه‌كانی ئه‌وروپا و (قاعیده)دا كردووه ئه‌و كاته‌ی كه له‌نێو ریزه‌كانی جیهادكاراندا بووه،هه‌روه‌ها وه‌ك نێردراوێكیش نامه‌ی له‌نێوان لێپرسراوه‌كانی قاعیده وشێخه ئوسوڵییه توندڕه‌وه‌كاندا له‌ئه‌وروپادا ئاڵوگۆڕكردووه.

سیخوڕه‌كه كه ئێستا له ئه‌ڵمانیا ده‌ژی له‌كتێبكدا به‌ناونیشانی (له‌ناو جیهادی جیهانیدا..چیرۆكی سیخوڕێك)كه به‌شێوه‌یه‌كی به‌رفراوان له ئه‌مه‌ریكا به‌ناوی خوازراوی (عومه‌ر ناسری)یه‌وه بلاویكردۆته‌وه،باس له‌چیرۆكی خۆی ده‌كات له‌گه‌ڵ (ئیرهاب وسیخوڕیدا).

كتێبه‌كه له (336)لاپه‌ڕه پێكدێت و به‌شێكی تایبه‌ته به (له‌نده‌نستان) وبه‌شێكی دیكه‌ی به (ئه‌فغانستان) وه‌یه كه باسی مه‌شقی خۆی ده‌كات له‌سه‌ربازگه‌كانی (بن لادن) له (خالیدین )و (دارونتا)ی نزیك جه‌لال ئاباد.

له‌پێشه‌كی كتێبه‌كه‌دا سیخوڕه‌كه ده‌نوسێت(له‌راستیدا ناوی راسته‌قینه‌ی من (عومه‌ر ناسری)نییه،ئه‌ندامانی خێزانه‌كه‌م كه ئێستا له‌مه‌غریب ده‌ژین ژیانیان ده‌كه‌وێته مه‌ترسییه‌وه ئه‌گه‌ربێت وناوی خۆم ئاشكرابكه‌م.

من له‌مه‌غریب گه‌وره‌بووم وله ئه‌وروپا ژیاوم،ئه‌م چیرۆكه‌ش له‌و كاته‌وه ده‌ستپێده‌كات كه براكه‌م له‌ئاییندا رۆچوبوو،هه‌رئه‌ویش فێریكردم كه ڕێگای ئه‌و بگرم،چه‌ند ساڵێك له‌گه‌ڵ ئه‌ندامه‌كانی (قاعیده)دا ژیاوم،هه‌رچه‌نده ئه‌وان ئه‌و ناوه‌یان له‌خۆیان نه‌ده‌نا،چه‌كیشم بۆ ده‌كرین،له‌ماڵی برایه‌كه‌م له‌نزیك(بڕۆكسل) ده‌شاردرایه‌وه و دواتر له‌ڕێگای ده‌ریاوه ده‌نێردرا بۆ شوێنه جیاوازه‌كانی جیهان.

هه‌روه‌ها ماده‌ی ته‌قینه‌وه‌شم بردووه بۆ باكوری ئه‌فریقا كه له‌كاتی شه‌ڕی ناوخۆیی جه‌زائیردا به‌كارده‌هات.

سه‌ركرده ناوداره‌كانیانم له‌ئه‌وروپا ده‌ناسی وله‌ماڵ ئێمه‌دا ژیاون.

له‌دوای ئه‌وروپا رۆشتم بۆ ئه‌فغانستان،له‌وێ بۆماوه‌ی ساڵێك له سه‌ربازگه‌كانی مه‌شقكردندا له‌گه‌ڵ ئه‌ندامه‌كانی دیكه‌ی قاعیده نانم ده‌خوارد و نوێژم ده‌كرد وده‌نوستم.

هه‌ر له‌گه‌ڵ قاعیده‌شدا بومه موجاهید،هه‌روه‌ها فێریشبوم هه‌موو جۆره چه‌كێك به‌كاربهێنم (هه‌ر له‌كلاشینكۆفه‌وه تاوه‌كو موشه‌كی دژه فرۆكه).

فێری لێخوڕین وچۆنێتی ته‌قاندنه‌وه‌ی زرێپۆشیش بووم،فێری چۆنیـتی ناشتنی مین وچۆنیش بۆمب فرێده‌م بۆ ئه‌وه‌ی زۆرترین زیانی هه‌بێت.

هه‌روه‌ك چۆن فێری شه‌ڕی ناوشاره‌كان وجۆره‌كانی تیرۆركردن و رفاندن و چۆنێتی خۆڕاگرتن له‌كاتی ئه‌شكه‌نجه وچۆنێتی كوشتنیش بووم).

شتێكی ده‌گمه‌نه كه تێروانینێكت وده‌ستكه‌وێت كه له‌ناوه‌وه چۆنێتی پێكهاته‌ی قاعیده بخاته روو،سیخوڕه‌كه‌ی قاعیده به‌رله‌وه‌ی جارێكی دیكه بۆ له‌نده‌ن بنێردرێته‌وه له سه‌ربازگه‌كانی مه‌شقی (بن لادن)دا بووه،ده‌ڵێت كه نزیكه‌ی (7) ساڵ وه‌ك سیخوڕێك بۆ هه‌واڵگری ئه‌وروپی ویه‌كێك له‌كه‌سه چالاكه‌كانی قاعیده كاریكردووه،هه‌ندێك له‌و ماوه‌یه‌شی له‌به‌ریتانیا به‌سه‌ربردووه.

وته‌كانی(ناسری) وێنه‌یه‌كی نایابمان ده‌دنێ ده‌رباره‌ی چۆنێتی پێشكه‌وتنی (قاعیده) له‌روی ڕێكخستن وسوربون و ده‌ستبه‌یه‌كگرتنه‌وه له‌نه‌وه‌ده‌كاندا ده‌داتێ زیاتر له‌وه‌ی ده‌زگا هه‌واڵگرییه‌كان له‌باره‌یانه‌وه ده‌یانزانی.

( ناسری )دەڵێت کە ئەو بەرلەوەی ئەمریکییەکان ( ئیبن شیخوللیبی ) گەورە سەرکردەی قاعیدە دەستگیربکەن،هاوڕێی بووە و ئەم پیاوە توانیویەتی ئەمریکییەکان فریوبدات بەوەی کە ( سەدام حسێن )چەکی ئەتۆمی هەیە و قاعیدەش لەرێگای بەدەستهێنانی ئەو چەکەدایە.

هەروەها دەڵێت کە لەسەر زۆربەی چەکەکان مەشقی کردووە و زۆرینەی سەرکردەکانی قاعیدەی دیوە و نامەکانیشی بۆبردوون بۆ رەمزە ئیسلامییەکان لەئەوروپا.

دواتر دوای ئەوە پەیوەندیکردووە بەدەزگا هەواڵگرییە ئەوروپییەکانەوە،بە ئاماژەدان بەوەی کە هەست بەتاوان دەکات کە وەك سیخوڕێك کاریکردووە،بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەی نەبووە.

دەڵێت( رەنگە هەندێك لەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە وا بڕوابکەن من درۆدەکەم،بەڵام من وەها نیم و لەگەڵ هیچ موسوڵمانێکی دیکەشدا جیاوازییم نییە ).

لەفەسڵێکی تایبەتدا کە بەناوی ( ئەبوحەمزە )یە ئەوە ئاشکرادەکات کە سەرکردەی توندڕەو( ئەبو حەمزەی میسری )هەردوو دەستەکانی لەکاتی مەشقکردندا لەسەر چۆنێتی دروستکردنی تەقەمەنی لەئەفغانستان لەدەستداوە،نەوەك ئەوەی خۆی ئیدیعای دەکات کە گوایە لەکاتی چاندنی ( مین )دابووە لەئەفغانستان لەسەردەمی شەڕی دژی روسەکان.

ئەبوحەمزە کە ئێستا بە ( 7 )ساڵ زیندانییە بەتۆمەتی هاندانی کوشتن وتوندوتیژی تائیفی لەکاتی وتاردانەدا، پێشنوێژی مزگەوتی( ڤنسبری پارك )بووە لە باکوری لەندەن.

ئەم نوسەرە روداوەکە وەها دەگێڕێـتەوە کە ئەبوحەمزە لەوانەیەکدا زۆر سەرنجی نەداوە کە دەربارەی چۆنێتی ئامادەکردنی تەقەمەنی بووە وبوەتە هۆی ئەوەی هەردوو دەستی و چاوێکی لەدەستبدات،دەڵێت ئەبوحەمزە لەمزگەوتەکەی لەندەن بینوییەتی و داوای لێکردووە راستی ئەو رووداوە باسنەکات.

ئەم مزگەوتەش چەند کەسێك لەوانەی تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون سەردانیان کردووە،وەك ( زەکەریا موسەوی ) کە ئێستا لەئەمریکا دەستبەسەرە بەتۆمەتی بەشداریکردن لەهێرشەکانی 11ی ئەیلول، و (ریچارد رید) بەریتانی کە لە ئەمریکا زیندانییە پاش تۆمەتبارکردنی بەهەوڵدان بۆ تەقاندنەوەی فڕۆکەیەك لەسەر زەریای ئەتڵەسی لە کۆتاییەکانی 2001دا.

ناسری هەروەها دەڵێت( بەر لەچەند مانگێك گوێم لە ( ئیبن شیخوللیبی ) بوو لەدوای نوێژی عیشایەك لەمزگەوتێکی سەربازگەکانی مەشقدا لێیان پرسی ( باشترین وڵات بۆ جێبەجێکردنی جیهاد تیایدا کوێ یە )وتی ( سەرەتا بەرلەهەموو شتێك پێویستمان بە دووبارە گەڕاندنەوەی دەوڵەتێکی موسوڵمانە بۆ ژێر دەستی خۆمان ولاوازترینیش لە ئەمڕۆدا عێراقە ).

لەبەشێکی تایبەتیشدا ( ناسری ) باس لە ( ئەبوخەباب ) ی شارەزا لەبواری تەقەمەنیدا دەکات کە لەناو ( قاعیدە )دا بە ( مەدحەت مەرسی- 52 ساڵ ) بەناوبانگە و لەهێرشێکی فڕۆکەکانی ئەمریکا دا لە ( کانونی دوهەمی ) پێشوتردا کوژراوە.

ناسری ئەوەش ئاشکرادەکات کە ( ئەبو خەباب ) ئەندازیاری کردەوەی تەقاندنەوەی سەفارەتی میسری بووە لە ئیسلام ئاباد لەساڵی 1995دا.

هەروەها ئەوەشدەڵێ هەر کە هەواڵەکە لەزاری ( ئەسەدوڵا )ی شارەزا لەبواری تەقەمەنی لەئوردوگاکانی مەشقی ( داروننتا ) و( خالدین )دا بڵاوکرایەوە دەستکرا بە تەکبیر وفیشەك تەقاندن.

دەڵێت(بۆ یەکەمجار کە( ئەبوخەباب )ی دیوە لە سەربازگەی ( داروننتا )بووە ،و لەلایەن پاسەوانە تایبەتیەکانەوە چواردەوری گیرابوو،بە پێچەوانەی ئەفغان وعەرەبەکانی سەربازگەکەوە عەمامەیەکی رەشی لەسەرکردبوو ).

پاشتر دەردەکەوێت کە ( ئەبوخەباب ) راستەوخۆ کەسەخۆکوژەکانی لە سەربازگەی ( داروننتا )ئامادەکردووە بۆ تەقاندنەوەی سەفارەتەکە،هەروەها دروستکەری بۆمبەکانی قاعیدە بووە.

زانیارییەکان باس لەوەدەکەن ئەم پیاوە لەنیوەی نەوەدەکاندا پەیوەندیکردووە بە قاعیدەوە وپاش ( بن لادن ) و( زەواهیری ) بە پیاوی سێهەم دێت.

هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوەدەکرێت کە ( ئەحمەد رەسام )ی تۆمەتباری تەقینەوەکانی کۆتاییەکانی 1999 لەفڕۆکەخانەی ( لۆس ئە نجلس )ی مەشقپێکردبێت.

ئەمە جگە لە ( ریچارد رێد ) و ( زەکەریا موسەوی )ش.

**لەو نێوەندەدا فەرەنسییەکان گوێبیستی سەربازگەکانی مەشقپێکردن دەبن لە ئەفغانستان ،بۆیە داوا لە ناسری دەکەن کە لە ڕاستییەکان بکۆڵێتەوە.**

**(ناسری )بەردەوام دەبێت ودەنوسێت(ئەرکەکەم ئەوەبوو کە بێ هیچ گرفتێك یاخود ڕێگرییەك یان تەمووژمێك یان هەرچ شتێکی تر بگەمە ڕێگاکانی جیهاد لەڕێی پاکستان وئەفغانستانەوە)هەربۆیە بەهۆی چەند پەیوەندیکردنێکەوە ڕێگای خۆی بۆ پیشاوەر دەدوزێتەوە.**

**لەوێ (ئەبو زوبێدە) (کە دوای ماوەیەکی کەم لەهێرشەکانی 11ی ئەیلول دەگیرێت و ڕەوانەی گوانتانامۆ دەکرێت)ی لێپرسراوی چالاکییەکانی قاعیدە دەبینێت.**

**یەکەمین وێستگەشی (خالدین)ە،یەکێك لەناودارترین سەربازگەکانی مەشقپێکردنی قاعیدە،کە هەر لەوێ (موحەمەد عەتا)ی لێپرسراوی هێرشەکانی 11ی ئەیلو دەبینێ.**

**ناسری ئەوەش باسدەکات کەچۆن چۆنی لەو سەربازگانەدا بەشێوەیەکی چڕوتەواوەتی سەربازییانە ئەندامەکان ڕادەهێنرێت وپشتیش بەو کتێبانە دەبەسترێت کە هێزە تایبەتییەکانی بەریتانی وئەمریکی بەکاریدەهێنن.**

**هەروەها مەشقی ئاینیش ڕەگەزێکی گرنگتربووە لەو سەربازگانەدا ،کە ئەگەر لەمەشقی سەربازی زیاتری نەخایاندبێت کەمتری نەخایاندووە.**

**(ناسری)ئەوەش وەبیردێنێتەوە کە چن لەو سەربازگانەدا لەسەرخۆڕاگرتن لەکاتی ئەشکەنجەدا ڕاهێنراون وهەروەها لەسەر پێدانی زانیاری هەڵەش لەکاتی دەستگیرکردندا.**

**بۆئەمەش (ئیبن شیخولیبی) دەکاتە بەڵگە کە لەکاتی دەستگیرکردنیدا باس لە پەیوەندی نێوان قاعیدە وعێراق دەکات.**

**لەوێ لە (خالدین) دواتر ناسری دەنێردرێت بۆ (دارونتا)واتە بۆ خوێندگای کۆتایی،لێرە ئەندامەکان لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی چالاکییەکان ڕادەهێنرێن وفێری دروستکردنی تەقەمەنی دەبن بەئاسانترین شێوە.**

**دەڵێت(کە بەچاوی خۆی مەشقی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دیوە لەسەر گیانلەبەران)**

**دوای ئەوەی کە ڕاهێنان تەواودەکات (ئەبوزوبێدە) ڕەوانەی ئەوروپا دەکرێت،و تەکلیفی لێدەکرێت بەدروستکردنی شانەیەك،دەڵێت(داوام لێکرا بگەڕێمەوە و لیستێك لەهەموو ئامانجەکان دیارییکەم).**

**سەربازگەکانی مەشقپێکردن لەساڵانی نەوەدەکاندا لە ئەفغانستان هەزارەها کەسیان ڕاهێناوە،بڵاوبونەوەی ئەم ئایدۆلۆژیاییەش بەهەمان شێوە کەلتورێکی لەتوندوتیژی و مەترسی جێهشتووە.**

**دەربارەی چۆنێـتی مەشقکردنیش دەنوسێت(کاتێك لەگەڵ موجاهیدەکاندا مەشقمدەکرد هەندێ بنەمای سەرەکی فێربووم،وەك چۆنێتی ئامادەکردنی پارچەیەك تەقەمەنی بەهۆی بەکارهێنانی کاتژمێری دەستی یاخود مۆبایلێکەوە،بەڵام لەگەڵ(ئەسەدوڵا)دا چەندین ڕێگای بیرکارییانە وشیکردنەوەی کیمیاوییانە فێربووم،کارەکە پێویستی بە سەرنجدانێکی قوڵ هەبوو،فێربوین چۆن تەقەمەنی لەمادەی(سیمتیکس) و(نیترۆگلسیرین) ئامادەکەین،هەروەها لەو شتە بچوکانەی کە لەژیانی ڕۆژانەماندا هەیە وەك (بۆیاخ،لیمۆ،قەڵەم،شەکر،قاوە،خوێ،ئەییوم،نەفسالین،دەنکەشقارتە، پاتری،یۆرین..).**

**لەرووی غەریزەوە دەبوو بمانزانیبایە چی فێردەبین،هەربۆیە زۆر بەوردی هاوکێشەکانی چۆنێـتی دروستکردنی تەقەمەنیمان لەبەربوو،ئەوەندە دوبارەماندەکردەوە کە دەشمانتوانی لەکاتی خەوتنیشدا بیانڵێینەوە.**

**(ئەسەدوڵا) هەموو ڕۆژێك تاقیدەکردینەوە بۆ ئەوەی لەزانیارییەکانمان دڵنیابێت،لەوانەکانیشدا مەجالی هیچ فڕوفێڵێك نەبوو،چونکە ئەگەر یەکێکمان لەکاتی ئامادەکردنی تەقەمەنیدا هەڵەی بکردایە دەبوو بەهۆی کوشتنی هەموومان).**

**لەشوێنێکی دیکەدا نوسەر باس لە(ئەحمەد سەعید)دەکات کە یەکێك بووە لەوانەی کۆمەکی قاعیدە دەکات،دەڵێت (یەکێك بووە لەکەسە نزیکەکانی (بن لادن)).**

**(ئەحمەد سەعید) کەناسراوە بە (کیندی) لە تشرینی یەکەمی 2003 دا لەناوچەی (وەزیرستان)ی پاکستان لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکوژرێت.**

لەبەشێکی دیکەدا بەناونیشانی ( ماسیبە گەورەکە ) ناسری دەنوسێت( کاری یەکەمم بریتی بوو لە دۆزینەوەی ئەندامە دورخراوەکانی ( کۆمەڵی چەکداری ئیسلامی جەزائیری ) ئەوانەی کەبەشداری شەڕی ئەهلی جەزائیریان کردووە، لەدەرەوەی مزگەوتی ( ریجنت پارك ).

هەموجار رۆژنامەکانی (الانصار) و( جیام) دەکڕی، جارێکیان لەئاگادارییەکدا داوایان لە خوێنەرانیان کردبوو کە ئامادەبن بۆ گوێگرتن لەوتارێکی ( ئەبو قەتادە ) ( کە توندڕەوێکی بەرەگەز فەلەستینیە وناوی تەواوی عومەر محمودە وئێستا لەبەریتا بەتۆمەتی مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانی دەست بەسەرە ).

من پێشتر ناویم بەرگوێ نەکەوتبو،بڕوام وەهابوو سەر بەسوپای ئیسلامییە،دواتر بینیم پیاوێکە لەسییەکانی تەمەنیدا،ورگێکی گەورەی هەیە، وجلوبەرگی ئەفغانی لەبەردەکات،سەرەڕای ئەوەی کە یەکێکیش نیە لەئەوان بەڵام جلوبەرگەکەی عیبارەتێکە لەراگەیاندێکی سیاسی ).

بەردەوام دەبێت و دەڵێ( ئەبوقەتادە سیفەتێکی نایاب وزیرەکییەکی گەورەی هەبوو،کاتێك رۆشتم و گوێم لەوتارەکانی گرت خەیاڵ بردمییەوە بۆ رۆژانی زوو.

بەهەمان ئەو زمانە قسەی دەکرد کە لە سەربازگەکاندا گوێبیستی بووم،چەندجار ئەوەی دوپاتدەکردەوە کە ژیانی موجاهید پاڵنەری یەکەمینە بۆ هەر موسوڵمانێك و جیهادیش لوتکەی ئیسلامە.

چەندین جاری دیکە رۆشتم بۆ ئەوشوێنە وادەردەکەوت کە ژمارەیەك توندڕەوی دیکەش لێیە،سەرنجی هەموو نیشانەکانمدەدا :

ئەو شێوەی کە لە نوێژەکاندا پەنجەی شایەتومانی پێ دەجوڵێنن،ئەوشێوەی بەچاوەکانیان سەیری زەوی دەکەن لەبەرامبەر خۆیان، چۆنێتی هەڵکردنی دەرقاچەکانیان و چۆنێتی رۆشتنی هەندێکیان، ئەوە هەمان شێوازبوو کە لەوێ دیبوم و فێری بوبوم ).

لەشوێنێکی دیکەدا دەنوسێت( کاتێك کە ( ئەبو زوبێدە ) ی لێپرسراوی چالاکییەکانی قاعیدەم لە ( پیشاوەر ) بەجێهێشت،ژمارەی هەردوو مۆبایلەکەی خۆی پێدام، هەروەها ژمارەی حیسابە بانکیەکە و تەردەدودی جیهازەکەش.

پێویستبوو لەسەرم کە هەمیشە پەیوەندیم پێوەی بێت وهەرچ کاتێکیش ئیشم دەستکەوت پارەی بۆ بنێرم ).

لەشوێنێکی دیکەدا دەنوسێت( جارێکیان ئەفسەرێکی هەواڵگری بەناوی( دانییل ) مۆبایلێکی پێدام ووتی( ئەمە لەناو مەدە چونکە بۆمن زۆر دەگەیەنێت، و دەبێت ئاگات لێبێ، ولە هیچ شوێنێك جێ نەهێڵیت و هەمیشە پێت بێت،باشە؟ئەگەر هەر کێشەیەکیشی توشبوو بیهێنەوە بۆخۆم، نەیبەی بۆ دوکانی چاککردنەوە ).

هەردوو ئەفسەری هەواڵگریش( دانییل ) و( جیلیز ) زۆر سەرسامبون کاتێك بەمۆبایلەکەی ئەوان پەیوەندیم کردبە ( ئەبوزوبێدە )،بەڵام توشی شۆکهاتن کاتێك پێم وتن پارەم پێویستە بۆ ئەوەی بۆی بنێرم.

دانییل وتی( مەبەستت چیە ؟ ).

منیش ئەوەم بۆ رونکردەوە کە ئەوان چاوەڕێدەکەن من پارەیان بۆ بنێرم، چونکە ئەوە هۆکارێکبوو بۆ ئەوەی منیان ناردەوە بۆ ئەوروپا.

دانییل وتی( ناتوانین پارە بۆ ئەوکەسانە بنێرین، ئەوە کارێکی نایاسایی یە ).

بەڵام ( جیلیز ) بەسەر راوەشاندنێکەوە رەزامەندی نیشاندا.

---

**سەرچاوە/**

**سایتی** ( الشرق الاوسط )